# بەڵگەنامەی بەرگری لە مافە مەدەنیەکانی خەڵك لە بەرامبەر:

# شەڕی تیرۆریستی و هەڕەشەی شەڕی قەومی و تائیفیدا

کۆمەلگای عیراق ئیستا بە واقعی لەنیو سیناریۆیەکی ئالۆزو تاریکدا پەل‌وپۆ دەکوتی. لایەنیکی خەتەرناکی ئەم هەل‌ومەرجە نائەمنیەکە کە سەراسەری کۆمەلگای داگرتووە. شەری تیرۆریستی نیوان ئەمریکاو ئیسلامی سیاسی‌و پاشماوەکانی رژیمی بەعس، هەر رۆژە ماف‌و گیان‌و ژیانی هاولاتیان دەداتە بەر پەلامارو بەلیشاو دەیانکات بە قوربانی. لە پال ئەمەوە کابوسی شەرو کیشەی قەومی‌و دینی‌و عەشیرەتی‌و خەتەری دەخاڵەتی هێزە ئیقلیمیەکان، مەترسیەکی گەورەو بەردەوامی دیکەیە کە هەرەشە لە گیان‌و مافەکانی خەلك دەکات. ئێمە ئەم لایەن‌و حیزبانەی‌کە لەخوارەوە ئیمزامان کردوە، هاوکات لەگەل راگەیاندنی پابەندبوونی خۆماندا بەم بەندانەو خەبات کردن لە پیناو چەسپاندنیاندا، بانگەوازی هەموو حیزب‌و لایەنە سیاسیەکان دەکەین کە پابەندبوونی خۆیانی پیوە رابگەیەنن‌و هاوشان لەگەل ئیمە بۆ چەسپاندنی هەولبدەن. هەروەها بانگەوازی خەلکی ئازادیخوازو ریکخراوە جەماوەریەکان‌و دامەزراوە مەدەنی‌و پیشکەوتنخوازەکان دەکات بۆ خەبات‌و بەشداری چالاکان لەم پیناوەدا.

= ئیدانە کردنی هەموو جۆرە کارو هەلسورانیکی تیرۆریستی‌و هەوڵدان بۆ  قەدەغەکردنی، تەقاندنەوەی شوینە مەدەنیەکان، پەلاماردان‌و تەقەکردن‌و هیرشکردن بۆ سەر خەلکی مەدەنی‌و شوینە مەدەنیەکان، بە هەر بەهانەیەکەوە بیت‌و لەلایەن هەر هیزو لایەنیکەوە بیت بە توندی مەحکومە.

= خەبات‌و هەوڵدان لەپێناو پاراستنی مافە مەدەنیەکانی خەلك،  رێگرتن لە دەستگیرکردن‌و ئازاردانی هاوولاتیان، بە هەر بەهانەیەکەوەو لەلایەن هەر هیزو لایەنیکەوە بیت بە توندی مەحکومە. دەبێ لە هەموو حالیکدا ماف‌و گیانی هاولاتیان پاریزراوبیت‌و هیچ هیزو لایەنیك لە هیچ هەل‌ومەرجیکدا بۆی نیە پێ لەم ئەصلە بخشینیت.

=  شارەکان لە چەك دابمالرین‌و سەرجەم هیزو بنکە چەکداریەکان لە شارەکان‌و لە شوێنی کارو ژیانی خەلك دورخرینەوەو ببرینە دەرەوە. تەنها ئۆفیسی سیاسی‌و پاسەوانەکانیان لەگەل هیزی تایبەت بە پاراستنی ئەمنیەتی هاولاتیان لە شاردا بمینیتەوە.

= هەر جۆرە کردەوە یان هەولدانیك بۆ خولقاندنی نەفرەت و کینەی قەومی و دینی و عەشایری کە ببیتە مایەی شەرو کیشەی قەومیو دینیو عەشایەری، بە وینەی هەولدان بۆ پالپیوەنانی کۆمەلگا بۆ ناو سیناریۆی شەروکیشەی خەتەرناكو کۆنەپەرستانە، مەحکومە.

= هەموو هیزە سیاسیەکان دەبێ پابەندی ئوصولی سیاسی بن بۆ یەکلاکردنەوەی کیشەی سیاسی نیوانیان، وەك شێوازێکی شارستانی.

= ئازادی بیقەیدو شەرتی سیاسی، ئازادی هەلسورانی سیاسیو حیزبی، ئازادی دروستکردنی حیزبو ریکخراوەی سیاسیو پیشەیی، ئازادی بەیانو رادەربرین، ئازادی خۆپیشاندانو نارەزایەتی دەربرین، مافیکی سەرەتایی خەلکەو هیچ هیزو لایەنیك بۆی نیە بە هیچ بەهانەیەك پیشیلی بکات.

= دەستەبرکردنی کار یان بیمەی بێکاری بۆ بێکاران، وەك وشککردنی سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی تیرۆر.

= هێنانە مەیدانی جەماوەر بۆ کۆبونەوەو ریکخراوبونیان بەدەوری ئەم بەڵگەنامەیەدا، لەرێگای بلاوکردنەوەی ئەم بەلگەنامەیەوە لە رۆژنامەو تەلەفیزون و رادیۆی ئەو حزبو لایەنانەی کە ئیمزایان کردوە.

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق – کۆمیتەی کەرکوك

حزبی شیوعی کوردستان – کۆمیتەی محەلی کەرکوك

بزوتنەوەی ویفاقی وەتەنی – لقی کەرکوك

حزبی نیشتمانی ئاشوری – لقی کەرکوك

یەکێتی بێکاران – لقی کەرکوك

بزوتنەوەی سوشیالستی عەرەبی – لقی کەرکوك

– ریکخراوی ئازادی ژن – لقی کەرکوك

– پارتی کاری دیمکراتی کوردستان – ناوەندی کەرکوك

– حزبی ئەخائی تورکمانی – لقی کرکوك

حوزەیرانی 2004